

## لەپانێلێکدا بۆ ٦ پارتی سوێدی  بەڵێ ئەنفال وهەڵەبجە جینۆسایدە

لەهۆڵی ساندلەرسالێنی ئا بی ئێفی ستۆکهۆلم، کۆمیتەی سوێدی کوردۆساید ۆچ لە رۆژی یەکشەممە ٢٨ /٢٠١٠/٣ و بە مەبەستی تاوتوێکردنی پرسی جینۆسایدی کوردان لە هەلە بجە و ئەنفالدا، پانێلێکی بۆ شەش پارتی سوێدی سازکرد.
بانگهێشتنەکە بۆهەموو پارتە سوێدیەکانی بەشدار لە پەرلەمان نێررابوو، تەنها پارت کە وەڵامی نەدایەوە پارتی دەستەڵاتی مۆدیرات بوو. پارتی ژینگەی سوێدیش لە خولەکەکانی کۆتایی بەر لە پانێلەکە نوینەرەکەیان  بەهۆی بارودۆخی تەندروستیەوە نەیتوانی ئامادە بێت.
ئەو پارت و نوێنەرانەی کە ئامادەبوون ئەمانە بوون:

- پارتی سۆسیال دیموکرات   یەلماز کەریمۆ   پارلەمانتار ویەکێک لەبەرپرسانی سیاسەتی دەرەوەی پارتەکەی

- پارتی چەپ   هانس ئارڤیدسسۆن   سکرتێری سیاسی
- پارتی لیبرال(فۆلک پارتیەت)   گوڵان ئاقچی   پارلەمانتار
- پارتی سێنتەر   شێرشتین لوندگرێن   پارلەمانتار و ئەندام لە لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە
- پارتی کریست دیموکراتەرنا   دێسیریی پیسرۆس ئێنگستروم   پارلەمەنتار

ئامانج لە سازدانی ئەو پانێلە ئەوەبوو کە رای پارتە سیاسیەکانی سوێد سەبارەت بە پرسی جینۆسایدکردنی کوردان بە گشتی و ئەنفال و هەڵەبجە بە تایبەتی بزانرێت و بۆ رەوەندی کوردی لە سەر زاری نوێنەرانی پارتە سیاسیەکانەوە ببیسترێت. بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە لە ١١ مارسدا و لە پرۆژە بریارێکی پارلەماندا کە لەلایەن هەردوو پارتی ژینگەو چەپەوە پێشکەشی پەرلەمان کرابوو، زۆرینەی ئەندامانی پارلەمان، جگە لە نوێنەرانی پارتی چەپ، هەموو نوێنەرانی پارتی ژینگە جگە لە پارلەمانتارێکی بەرەگەز تورک  ( محەمەد قەپلان ) وە یەک پارلەمانتاری کوردی پارتی لیبرالەکان(گوڵان ئاقچی ) دانیان بە تاوانی ئەنفال نا کە جینۆسایدە ، هەموو ئەندامانی تر ئەم پرۆژە بریارانەیان رەتکردەوە.
دەرەئەنجامی ئەمە پشێویەکی زۆری لە ناوەندە کوردستانی و رەوەندی کوردی لە سوێد نایەوە، بە تایبەتیش کە (سۆسیال دیموکراتەکان) لەکاتێکدا لەکۆنگرەی خۆیان دانیان بەتاوانی ئەنفال نابوو کە جینۆسایدە بەلام لەکاتی دانگدان پشتیان لە داخوازیی کوردان کرد.

بۆیە مەبەستی پانێلەکە دەرخستنی راوبۆچوونی ئەو پارتانە و ئەو پرسانەی رەوەندی کوردی لایان گەڵاڵە بوو بوو.
لە پانێلەکەدا کە نزیکەی ٥٠ کەسی ڕۆشنبیر  لە کوردستانیانی ستۆکهۆڵم و دەوروبەر ئامادەی بووبوون، راو بۆچوونی پارتە سوێدیەکان خرانە روو لە وەڵامی پرسیارە گشتیەکانی کوردۆساید ۆچدا، کە بریتی بوون لە:

١. ئێوە چۆن لە پرسی جینۆساید دەگەن؟
٢. ئایا ئەرکی پارلەمانە کە جینۆساید بناسێنیت؟
٣. ئایا هەلەبجە و ئەنفال جینۆسایدە؟

راو بۆچوونی پارتە سیاسیەکان بەم شێوەیە بوو:

- پارتی چەپ لەگەڵ ئەوەدابوو، کە ئەنفاڵ و هەلەبجە جینۆسایدەو پێشی وابوو کە ئەرکی پارلەمانە کە ئەمانە بە جینۆساید بناسێنێت.
- پارتی سێنتەر پێی وابوو کە هەلەبجەو ئەنفال جینۆسایدە، بەڵام لای وابوو کە پرسەکە زیاتر یاسایی و ئەرکی پارلەمان نیە کە ئەم پرسە تاوتوێکات لەبەر ئەوەی کە دادگای عێراقی خۆی ئەمەی کردووە.
- پارتی کریست دیموکراتەرنا، هەمان رای پارتی سێنتەری هەبوو.
- پارتی لیبراڵەکان، کە بە نوێنەرایەتی گوڵان ئاقچی ئامادەبوو، رای پارتەکەی وەک ئەوەی سێنتەر و کریست دیموکراتەکان بوو، بەڵام ئەو خۆی دژ بە رای پارتەکەی وەستابۆوەو دەنگی بۆ پرۆژە بریارەکە دابوو، لە پانێلەکەشدا هەمان رای خۆی دووبارە کردەوە.
- رای پارتی سۆسیال دیموکرات کە بگرەو بەردەیەکی زۆر لێکەوتەوە، ئەوە بوو کە بێگومان ئەنفال و هەلەبجە جینۆسایدن، ئەوان خۆیان لە کۆنگرەکەیاندا ئەمەیان دانپیاداناوە و پێیان وابوو کە لە پارلەماندا ئەوان دژ بە ئەمە دەنگیان نەداوە بەڵکو لەبەر ئەوەی کە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دانی بە جینۆسایدی کوردان داناوە بۆیە پێویست نەبووە ئەمە لە پارلەماندا باس بکرێت.

پرسی زۆربەی ئامادەبووان لەسەر راو بۆچوونی پارتە سیاسیەکان بوو. هەمووان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەرکی خودی پارلەمان کە ئەم پرسان تاوتوێ بکات و ئەم پرسانە بە جینۆساید بناسێت.

گفتوگۆی زۆر لەسەر رای سۆسیال دیموکراتەکان کراو، هەموو پرسەکان لەسەر ئەوە بوون دەبێ چی بکرێت لە داهاتوودا و ئایا ڕای سۆسیال دیموکراتەکان لە راستیدا چیە؟ بۆیە داواکرا کە سۆسیال دیموکراتەکان ئەمە بۆ پرێس و مێدیا دەرخەن.

پانێلەکە لە لایەن چەند دەزگاو مێدیایەوە روپۆشکراو مێدیای چاکیش لە دۆکۆمێنتکردنی پانێلەکەدا رۆڵی چالاکی هەبوو.

**کۆمیتەی سوێدی کوردۆساید ۆچ / چاک**
**١٠٠٣٢٨**
Chak_swed@yahoo.se